لەم ژمارەیەدا
ل3 عێراق بە ڕەوشێکی خراپ تێپەڕ دەبێ
ل5 نەتەوە لەنێوان ئەفسانەو ڕاستیدا
ل6 کام پیشە بۆ ژن گونجاوە؟
ل7 شار لە ڕوانگەی والتر بنیامینەوە

گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە, حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (158) یەکشەممە 2006/10/1

## ئەورووپا بە تورکیای گوت: جێگەی چۆڵمان نەماوە

ولیام پفاف نووسەری ناودار لە ڕۆژنامەی هیراڵد تریبۆن سەبارەت بە پێوەندی نێوان یەکێتی ئەورووپاو تورکیا، قسەکانی سەرۆکی یەکێتی ئەورووپای شرۆڤە کردووەو نووسیویەتی: ئەگەر دیوی پشتەوەی قسەکان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەورووپا ڕاشکاوانە بە تورکیای گوتووە ئیتر جێگەی چۆلمان نەماوە، ئەمەش بەو واتایەیە کە تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا جێگەی ناکرێتەوە. سەرۆکی کۆمۆسیۆنی یەکێتی ئەورووپا گوتبووی لێکدانەوەی ئێمەو تورکیا لە یەك دوورە. لەو پێوەندیەدا ولیام پفاف نووسیویەتی: جیاوازی ڕامیاری، ئایینی، فەرهەنگی، مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی لە نێوان تورکیاو یەکێتی ئەورووپادا هەیە، ئەمەش بەبیردۆزو لێکدانەوەکانیش چارەسەر ناکرێن.

# ئەردۆگان سوکایەتی بە کورد دەکات، دەبێ وەڵامی بدرێتەوە



ڕەجەب تەیب ئەرۆدگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ یەکەمین جار بە ئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بەرانبەر بە کورد پێشانداو لە دیمانەی کەناڵی سامان یولو (samanyolu TV) گوتی: تورکیا ئەنجامی ریفراندۆمی کەرکوك قەبوڵ ناکات، با کەرکوك شارێکی تایبەت بێت‌و هەموو نەتەوەکان لە سامانەکەی سوودمەندبن. ئێمە ڕێگەنادەین نەوتی کەرکوك بکەوێتە دەست کورد. ئەگەر کورد ئارامی کەرکوکی دەوێ، با دەست لە وێرانکاری هەڵبگرن، چونکە ئێمەو گروپەکانی دیکە ڕێگەنادەین کەرکوك بکەوێتە دەست کورد، ریفراندۆم کێشەی کەرکوك چارەسەر ناکا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لەلایەن سەرکردەکانی باشووری کوردستان بە لێهاتوو، کورد دۆست وەسف دەکرا، بەڵام ئەو چیتر نەیتوانی ڕەگەزپەرستی‌و دوژمنایەتی خۆی دەرهەق بەکورد بشارێتەوە، ئەو لە داوین دیداری خۆی داوای لە سەرکۆماری ئەمریکا کردووە کە ریفراندۆم لە کەرکوك بەڕێوەنەچێ، ئەمریکا لە لێدانی پەککەکەدا هاوکاری تورکیا بکات، دەستەڵاتی کورد لە عێراق کەمبکرێتەوەو ڕێگە لە هەڵوەشانەوەی عێراق بگیرێ.

لەلایەکی ترەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بێرێزی بە سەرۆك تاڵەبانی کردووەو گوتویەتی: لێدوانەکانی تاڵەبانی وەك هەڕەشەیەك بۆسەر تورکیا لێکدەدەینەوە، بەڵام تورکیا لە هیچ کەس ناترسێ. ئەو گوتویەتی: تاڵەبانی شیاوی ئەو پۆستە نییە کە پێیان بەخشیووە.

ئەوەی شیاوی باسە دوای ئەوەی سەرۆك تاڵەبانی لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا هەریەکە لە تورکیا، ئێران‌و سوریای بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی عێراق تۆمەتبار کردبوو، کاربەدەستانی تورکیا هەڵمەتێکی نەشیاویان دژ بە سەرۆك تاڵەبانی بەڕێوەبرد، تەنانەت جەمیل چیچەکی وەزیری داد بێ ئاوڕووانە باسی لە لێدوانەکەی سەرۆك تاڵەبانی کردو گوتی: دەوڵەتی تورکیا گوێ لەقسەی سەرۆك عەشیرەت‌و ئەو کەسانە ناگرێ کە تا دوێنێ پۆستاڵی سەربازەکانی تورکیایان ماچ دەکرد، تاڵەبانی کێیە هەڕەشە لە تورکیا بکات‌و باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بکات.

هەرچەندە کاربەدەستانی تورکیا لە ڕۆژانی ڕابردوو زۆر سوکایەتیان بە سەرکردەکانی کورد کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا وەڵامی کاربەدەستە تورکە ڕەگەزپەرستەکانی نەداوەتەوە، لە کاتێکدا زۆر پێویستە کە لایەنی پەیوەندداراو ڕۆژنامەکانی کوردستان بە توندی وەڵامیان بدەنەوە.

## کۆنگرەی سەربەخۆخوازانی ئێران لە کەنەدا بەڕێوەدەچێ

ڕۆژی 28-9-2006 لە باڵاخانەی پەرلەمانی کەنەدا، سەنتەری ئەهواز بۆ مافی مرۆڤ لەکەنەدا کۆنگرەیەکی بۆ نوێنەرانی لایەنە سەربەخۆخوازەکانی ئێران پێکهێنا ، لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی هەریەکە لە عەرەب و کورد و تورکمان و ئازەری وبەلوچ بەشداربوون ، سەرەتا خاتوو ئەحلام ئەهوازی سەرپەرشتیاری سەنتەری مافی مرۆڤ وتەیەکی پێشکەش کردو بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد، پاشان عەبدولغەفور چرایار نوێنەری تورکمانەکان و کاك ئەمیری قازی سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان و محەمەد ڕەزا کەشتی نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی ئازەربایجان و ڕەحیم بۆندۆیی نوێنەری پارتی گەلی بەلوجستان و چەندین کەسی دیکە وتاری خۆیان پێشکەش کرد .

## ڕۆژەڤ

مێژوو سەلماندوویەتی ئەگەر بەرپرسانی هەر نەتەوەیەك ڕابردووی خۆیان‌و نەتەوەکەیان لەبیر بچێتەوەو ئاگایان لە ڕووداوەکانی مێژینە نەمێنێ، هەنگاوی نابەجێ هەڵدەگرنەوەو لە ڕاستەڕێ دوور دەکەونەوە. مخابن ئەمڕۆ کەسانێك لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری پەیدابوونە کە خۆیان بە سیاسەتمەدارو دیموکراسیخوازو پێشکەوتنخواز دەناسێنن، کەچی بە چاوی سەدەکانی بەردین لە نەیارانی خۆیان‌و ئەو کەسانەوە دەڕوانن کە ڕەخنە لە کارەکانی ئەوان دەگرن، یاخود بە چاویلکەی ئەوانەوە لە ڕووداوەکان ناڕوانن.

دیاردەی فرەحزبی‌و ڕامانی جیاواز ئەگەر هیچ سوودو قازانجێکیش نەگەیەنێ، دەتوانێ بۆ ڕاستگۆیی بەرپرسان‌و دەستەڵاتداران سەنگی مەحەك بێ. دیموکراسیبوونی کاربەدەستان‌و دەستەڵاتداران لە قسەو لێدوانەکانیانەوە خۆیا نابن، لە ڕەفتارو کردەوەکانی ڕۆژانەدا وەدیار دەکەون، ئەمەش ڕەنگ لە توانای هزرو لێکدانەوەکان دەداتەوە. زۆربەی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەش لەوە سەرچاوەدەگرن کە ئەگەر کاربەدەستان تەنیا ڕامان‌و سیاسەتی خۆیان بە ڕاست‌و ڕەوان بزانن، هەموو شتێك بۆ خۆیان بە ڕەوا ببینن‌و هەڵکێشانی هەناسەیەکی ئازادیش بۆ بەرانبەر بە زۆر ببینن. هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەبەرانبەر سەرخستنی دۆزی ڕەوای نیشتمان بەرپرسیارە، ئەرك‌و مافی دیاریکراوی هەیە. کەسەکان دەبێ بەرژەوەندی خۆیان لەنێو بەرژەوەندی باڵای نەتەوە بدۆزنەوە، هەرکاتێ بە بنبەست گەیشتن‌و توانای نۆژەنبوونەوەیان کۆتا بوو، دەبێ ئەو بوێریەیان تێدا هەبێ کە دان بە ڕاستیەکان دا بنێن‌و ڕێگە بۆ کەسانی دیکە بکەنەوە. ڕێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیەکانیش لەڕوانگەی ڕامانی خۆیانەوە دەیانەوێ خزمەت بە کێشەی نیشتمان‌و پێشخستنی کۆمەڵگە بکەن. ئەو لایەنانە بە پێشبینی‌و سیاسەت‌و پێوەندی‌و ڕاستگۆییانەوە پۆلێن دەکرێن. لایەنەکان بە زۆروبۆری سەرپشك ناکرێن، بە کردەوەی باش‌و دەستکەوتی زۆرو قوربانی کەم‌و خۆنەویستیانەوە دەناسرێنەوە.

مێژوو لە ڕەوتی ڕۆیشتنی خۆی ناکەوێ‌و بەردەوام بەرەو پێشکەوتن‌و گەشبوون هەنگاو دەهاوێژێ. کەسەکان‌و ڕێکخراوەکانیش بەرهەمی قۆناغەکەی خۆیان‌و هاوێر ناکرێن. هەموو ڕۆژەکان بەیەکەوە مێژوو دەنەخشێنن. حزبی ڕزگاریی کوردستان ئەو ڕێکخراوەیە کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان‌و گەیشتن بە سەربەخۆیی لە دەوروبەر دەڕوانێ. بە درێژایی مێژووی خۆی وەك حزب‌و ئەندامەکانی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکانی هەڵسەنگاندووە، هەڵوێستی وەرگرتووەو ڕاستیەکانی خستۆتەڕوو.

حزبی ڕزگاریی کوردستان ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆخوازەیە کە سەربەخۆیی خۆی‌و پاراستنی بڕیاری سیاسی خۆی‌و نەتەوەکەی لا مەبەست بووە، لێبڕاوانە بە گوێرەی توانای خۆی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. ئەمڕۆش دروست بوونی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بە پێویست دەبینێ، لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەك کە بتوانێ زۆرینەی لایەنەکانی دەرەوەی دەستەڵات لەخۆیدا کۆبکاتەوەو ڕێبەرایەتی ناڕازییان بکات، تێدەکۆشێ. هێزی سەرکەوتنی گەلی کوردستان لە ستراتیژو ئامانجێکی نەتەوەییدا دەبینێتەوە. ڕاستەڕێکردنی ژیانی حزبایەتی‌و لێکجیاکردنەوەی دەستەڵاتی حزب‌و حکومەت ئەو ستراتیژو ئامانجە ڕەنگڕێژ دەکات. ئەگەر شارستانی‌و هاوچەرخانە ڕەفتار نەکرێ، ئەگەر دیموکراسیانە کردەوەکانی دەستەڵات‌و ڕامانەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەڵنەسەنگێندرێن، ئەگەر پێشکەوتنخوازانەو سەردەمانە پێوەندیەکان قووڵ نەکرێنەوە نە سیستەمێکی دیموکراسی بنیات دەنرێ‌و نە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ‌و ژیاریش ئاوا دەکرێ. بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراسیمان هەبێ، دەبێ هێزو توانای دیتران بەهەند وەربگیرێ‌و هاوێرکاری لەنێو کۆمەڵگەدا بەڕێوەنەبردرێ. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ‌و ژیاریش ئاوەدان بکرێ، دەبێ سەردەمانە ڕێز لە ڕای بەرانبەر بگیرێ‌و زمانی هەڕەشەو ترساندن‌و تۆقاندن ڕیشەکێش بکرێ.

# نەخشەی کوردستان، ژەنەراڵە تورکەکان لە کۆبوونەوەی ناتۆ دەردەپەڕێنێ

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ستاری تورکی نەخشەی کوردستان لە ڕۆمادا کێشەی بۆ کۆبوونەوەی ناتۆ دروست کرد.

ئەفسەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی پەیمانی ناتۆ کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لەشاری ڕۆمای وڵاتی ئیتالیا بەڕێوەدەچوو، نەخشەی کوردستانیان لەسەر مێزەکە دانا، بەمەش ئەفسەرانی تورك تاسان، سەیری یەکتریان کردو کۆبوونەوەکەیان بە جێهێشت، بەڵام ئەفسەرەکانی دیکەی وڵاتانی ئەندامانی ناتۆ داوایان لێنەکردن کە بگەڕێنەوە، بەڵکو درێژەیان بە کۆبوونەوەی خۆیان دا.

شیاوی باسە ماوەیەك لەمەوبەر ئەو نەخشەیە لەگۆڤاری ئارمێد فۆرسیس ژۆرناڵ کە نزیکایەتی لەگەڵ سوپای ئەمریکا هەیە، بڵاوبۆوە. ئەو نەخشەیە وەك نەخشەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێشنیار کراوەو کوردستانیش وەك وڵاتێکی سەربەخۆ پێشاندراوە.

بە پێی هەواڵەکە (یەشار بیوك) ی سوپا سالاری تورکیا لەو پێوەندیەدا نامەی ناڕەزایی خۆی بۆ (پیتەر پیس) ی سوپا سالاری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناردووە و پرۆژەی ئەم نەخشەیەی بە نیشانەی هەڵوەشانەوەی تورکیا لێکداوەتەوەو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لێکردووە.

بە پێی هەواڵەکە (یەشار بیوك) ی سوپا سالاری تورکیا لەو پێوەندیەدا نامەی ناڕەزایی خۆی بۆ (پیتەر پیس) ی سوپا سالاری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناردووە و پرۆژەی ئەم نەخشەیەی بە نیشانەی هەڵوەشانەوەی تورکیا لێکداوەتەوەو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لێکردووە.

## فڕۆکەیەك بە 150 سەرنشینەوە بزر دەبێ



هێڵی ئاسمانی گۆل (gol)ی بەرازیل ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەك لەڕووی ڕادار بزربووەو نەدۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی هەواڵ، پەڕوازی ژمارە (1907 ) لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لە شاری مانائۆس هەڵفڕیوەو ویستویەتی لە پایتەختی بەرازیل بنیشێتەوە، بەڵام هەرگیز بە شوێنی مەبەست نەگەیشت.

خۆزەکارلۆس سەرۆکی ڕێکخراوی هێڵی ئاسمانی بەرازیل بەڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە کە هێزەکانی ئاسمانی بە دوای شوێنەواری فڕۆکەکە دەگەڕێن، بەڵام تا ئەم چرکەیە کە من قسە دەکەم هەواڵێك بەدەست نەهاتووە.

ئەوەی شیاوی باسە شاری مانائۆس لەنێو جەرگەی جەنگەڵی ئامازۆن هەڵکەوتووە، بەمەش دۆزینەوەی فڕۆکەکە بە ئاستەم دەکەوێ. لەو پێوەندیەدا جوتیارێکی بەرازیل گەواهی دەدات فڕۆکەیەکی بنیووە کە لابالێکی زیانی بەرکەوتبوو، بەڵام توانای فڕینیشی هەبوو، لە بەرزاییەکی زۆر نزمدا هەڵدەفڕی، بەڵام لایەنە پەیوەنددارەکان قسەی ئەو جوتیارە بە هەند وەرناگرن.

